# کۆبوونەوەی ئاناپۆڵس دەتوانێت بەکام دەرئەنجام بگات

**تایەر حاجی حەسەن**



دژواریەکانی ئەمڕۆی نێو سیستمی میلتاریستی ئەمریکی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تادێت ئایندەی سەرکەوتنی ڕوو لە شکست دەبێت. بۆ نیزامێکی زلهێزوسیاسی وەک ئەمریکا هەرچ شکستێک ڕوو بە ڕووی ببێتەوە، بارگرژی زیاتر و نائارامییەکی کوشندەش بەشوێن خۆیدا بەجێدەهێڵێت. هۆکاری ئەمڕۆی ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی ئەمریکا بۆ خۆئامدە کردن تابتوانێت سەرکەوتنێک بۆ ستراتیژە بایەخدارەکەی بۆ بەرژەوەندی دەسەڵات بەدەست بهێنێت لەیەککاتدا و بە تەیارکردنی سیستمی خۆشی وەک زلهێزترین دەسەڵاتی سەردەمی ناو جیهانی سەرمایەداری، پێویستی بە کۆبوونەوەیەکی نێونەتەوەی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت کێشەی عەرەب _ئیسرائیل بەسەرکەوتووی بەئەنجام بگەیەنێت.

بۆئەوەی ئەوکۆبوونەوەیە هاوشێوەی کۆبوونەوە و بڕیارەکانی پێشوتر نەبێت، خواستێکی ناچاریانە ئەمڕۆ لە ئەرزی واقعدا ئامادەیە تا ئەو کۆبوونەوەیە بەهەرچ نرخێک بێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بۆ ئەو خۆئامادەکردنە کە وابڕیارە لە کۆتای ئەم مانگەدا لە ئاناپۆڵس ببەسترێت، هەریەک لە روسیا و وڵاتانی ئەوروپا و نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتوەکان و وڵاتانی عەرەبی دەبنە پێکهێنەری ئەو کۆبوونەوەیە بەسەرکردایەتی ئەمریکا..

ئەمڕۆ واتە 2007/ 11/17 لە سایتی( تەقریر واشنگتۆن) بابەتێک نوسرابوو لەمەڕ گرنگی ئەو کۆبوونەوەیە و ئەو ئامانجەگرنگانەی کە لە بەرژەوەندی ئەمریکادایە لە ناوچەکەدا. بۆیە کۆمەڵێک لە سیاسەتمەدار و کەسایەتی دەرکەوتووی ناو سیاسەتی ئەمریکا داوا لە جۆرج بۆش دەکەن بە هەرچ نرخێک بێت دەبێت ئەو کۆبوونەوەیە بە خاڵی پۆزەتیفەوە کۆتای پێبێت. واتە دەبێت کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل بە چارەسەر بگەیەنن. ئاشتی تەواو بگەرێننەوە بۆ نێوان ئەو دوو وڵاتە و بۆ ئەوەی چیتر کێشەی کوشتن و ڕاگوێزان نەمێنێت و ژیان بگەرێننەوە بۆ خەڵکەکەی!

ئەمە تا ئێرە جێگەی خۆیەتی ئەگەر بتوانن بەم دەرئەنجامەوە بێنەدەرەوە. بەڵام چ هۆکارێک وا لە بەرپرسان و سیاسەت مەدارانی ئەمریکا دەکات وا بە جیدیەوە بنوارننە کۆتای ئەو کۆبوونەوەیە و چ ترسێکیشیان هەیە لە شکستی ئەو کۆبوونەوەیە؟ ئەمڕۆ جیهان لە هەموکات زیاتر لەبەردەم ئاڵۆزی و شەڕوکوشتاردایە و بە هەموو شێوەیەک بەرئەنجامەکانی دەگەڕێتەوە بۆ خودی دەسەڵاتی سەرمایەداری کە هۆکاری سەرەکیە لە نێو بشێوی و دنیای پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتدارانداا.
ئیستا دەبینی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا بوونیکی سەرەکی هەیە لە ناوچەکەدا و یارمەتی تەواوی ئەوباڵە ئیسلامیانە دەدات کە لەجموجوڵی سەردەرهێنانەوەدان. ئەوە شتێکی ئاشکرایە، حیزبوڵای لوبنانی بە رەسمی لە ئێرانەوە کۆمەک دەکرێت و لە مەوقعی کۆمەڵایەتی خۆیشیدا جێگەوڕێگەیەکی هەیە ،دیارە خاوەن ئابوریەکیشن بەدەر لەسەپاندنی عەقیدەکەشیان. بزوتنەوەی حەماسیش بەهەمان شێوە ئەمڕۆ لەدەسەڵاتدایە و لە سوریاوە هیدایەت دەکرێت لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دیکەدا. کێشەی ناوخودی لوبنان و تەنانەت تا ڕادەی نەتوانینی هەڵبژاردنی سەرۆکیک بۆ ئەو وڵاتە بووەتە جێگای کێشمەکێشە نێودەوڵەتیەکان. ئەمانە بۆ خۆی کۆمەڵێک کێشەی سەرەکی دەبن بۆ ئەمریکا تابتاوانێت بەسەرکەوتووی بێتە دەرەوە و جێگای ئەو شکستە سیاسی و عەسکەریەی خۆی پێپڕ بکاتەوە کە تائیستا

لە ئەفگانساتن و عێراقدا تێیکەوتوە. بۆیە بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە و پێم وایە باجیش دەدات تا بتوانێت ئەوکۆبوونەوەیە بەسەرکەوتووی بێتەدەرەوە. چونکە تەنها ئەمریکایە بتوانێت تەنازولات بکات بە ئیسرائیل و ئەویش لە ڕێگای چوونە ژێرباری ئەمری واقیعەوە لە بەرانبەر بارودۆخێک کە ئەمریکا پێوەی دەناڵێنێت لە ناوچەکەدا. ئەمریکا ئەگەر بۆی مەیسەر ببوایە پێم وایە دەمێک بوو دەیتوانی گورزی کوشندە لەدەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی ئێران بدات، بەڵام شکستی لە عێراق و ئەفگانستاندا بووە بە هۆکارێک کە نەتوانێت بەوەها کارێک هەستێت.

ئەوەتا بەوپەڕی وریایەوە دەیەوێت ( سوریاش بێتە نێو ئەودانوستانەوە و بتوانن بزوتنەوەی حەماسیش لەدەرەوەی کۆبوونەوەکانیان نەبێت). ئەمە لەو نووسینەی تەقریر واشنگتۆندا هاتووە. لێرەدا ئەوەی بۆ خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیل گرنگە بوونی ژیانێکی ئینسانیانە و دوور لە ڕقی دینی و نەتەوە پەرستیە، نەک ئەوەی ئەمرۆ دەسەڵاتی سیاسی هەردوو وڵات شەڕی لەسەر دەکەن و تادێت کێشە سیاسی و دینیەکانیان قورستر دەکەنەوە. خەڵکی ئازادی خوازی ئەو دوو وڵاتە کوا گرفتی گەورەی مزگەوتی قودس و شوێنە ئاینیەکانە، هێندەی گرفتیان چارە سەری کێشە ئابوریەکانی نێوژیانەنە. ئەوە لەکاتێکدا ئەم کۆبوونەوەیە بە دەستە گوڵێکی ڕەنگینەوە نایەتەوە کە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی هەژاری ئەو دوو وڵاتە ی  پێبێت. ئەوەی ئەمرۆ دەتوانێت دڵی خۆی خۆشبکات بە سەرکەوتنی ئەمدەسەڵاتانەی ئەمرۆ بۆ ئەوەی ژیانێکی ئازادیخوازی و مافێکی وەک ئینسانیان هەبێت، پێم وایە دەبێت لەخەوی خۆیاندا ژیانیان بگوزەرێنن، واتە لە فەلاکەت و برسێتی و شەڕو ماڵوێرانیدا. ئەوە تەنها سەرانی سیاسی ئەمدەسەڵاتانەن هۆکاری تەواوی بەدبەختی و گەیاندنی نەزمی ناعەدالەتی بەسەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

ئەمرۆ هەربەرپرسانی  ئەم دەسەڵاتە سیاسیەیە کە خۆی و نیزامەکەی بەئەبەدیەت نیشان دەدات و بەرهەمهەم هێنەری تەواوی کارەساتەکانی ناوکۆمەڵگاکانیشن. فەرموون سەیرکەن لە پێشکەوتوترین وڵاتەوە تا دەگات بە ملهوڕترین و ژەنگاویترین دەسەڵاتی ئاخوندەکان و دیکتاتۆرەکان، ئەگەر هێزی جەماوەری وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی و ڕادیکاڵ نەهاتبێتنە مەیدان لەبەرانبەر ئەو دەسەڵاتانەدا، هەرچی بۆیانکرابێت ژیانی چینێکیان بەرە و فەلاکەت و مەرگ بەرێکردوە، تەنها لەبەر مانەوەی دەسەڵات و خۆشگوزەرانیەکانی خۆیان. بۆیە، لێرە ماوەتەوە بڵێم ژیان لەتەواوی ئەم سەرزەمینەدا پەیوەستە بە هاتنە مەیدانی بزوتنەوە ئازادیخوازەکان و سەرجەم چینی کرێکارەوە، بەدەر لەم هاتنەمەیدانە هیچکات لەو بڕوایەدانیم بزوتنەوەی سیاسی ناسیۆنالیزم و نیزامی چەوسێنەرانەی سەردەم بتوانێت ژیانێکی دوور لەشەڕ وئارام دابین بکات بۆ سەرجەم کۆمەڵگا؟

---

تێبینی/بۆنووسینی ئەم بابەتە سوودم لە نووسینێکی سایتی تەقریر واشنگتۆنی 11/17 وەرگرتووە،

2007/11/17

هۆڵەندا